# پرۆژەی یاسای ڕێکخستنی ڕۆژنامەنووسی لە هەرێمی کوردستان و چەند سەرنجێک!

**تامان شاکر**

هەر لە خاڵی سەرەتاو دەسپێکی پرۆژەکەدا لە بەشی یەکەم و بەندی یەکەمدا هەڵەیەکی زەق بەرچاو دەکەوێت کە پێناسەی ڕۆژنامەنووس دەکات و دەڵێ: (( ڕۆژنامەنووس هەرکەسێك کاری ڕۆژنامەنووسی بکات و لە ریزی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان بێت و پابەندی بیت )).واتە ئەگەر کەسیك ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامە نووسان نەبێت حیسابی ڕۆژنامە نووسی بۆ ناکەن کە ئەوە بە پێچەوانەی یاسای ڕۆژنامەنووسییە لە ئاستی دونیادا،چونکە ڕۆژنامەنووس بۆی هەیە ئارەزوومەندانە لە سەندیکادا ببێتە ئەندام یان نەبێت ئەوەش هیچ لە تواناکانی ڕۆژنامەنووس کەم ناکاتەوە .

لە بەندی دووهەم و لە خاڵی یەکەمدا هاتووە (( ڕۆژنامەوانی ئازادە و هیچ سانسۆرێکی لەسەر نییە، ئازادی بلاۆکردنەوە دەستەبەرە، بۆ هەر هاووڵاتییەك لە سنووری یاساو لە چوار چێوەی پاراستنی ئازادییە تایبەتییەکانی تاك و داب و ڕێسا گشتیەکان)) بەڵام لە بەندی یانزدەهەمدا بە پێنج خاڵ کە ناونراوە قەدەغەکراوەکان ڕۆژنامەنووس گەمارۆ دراوە و ئازادییەکانی زەوت کراوەن.وەك ئەوەی ڕۆژنامە نووس کەسێکی شەڕەنگێز و دژ بە دابو نەریەتی کۆمەلایەتی و و ئاینی و نەتەوەیی و ئاسایشی هەرێم بێت.

کە باس لە ئازادی دەکرێ، قەدەغەکراوەکان شوێنیان نامێنێ، لە ولاتێکی بێ یاسای وەك هەرێمی کوردستاندا کە تا ئێستا یاسایەك نییە سەروەر بێت و هەمووان لە بەرامبەر یاسادا یەکسان بن ، چونکە حکومەت نییە، حیزب حکومەت بەڕێوە دەبات نەك حکومەت حیزب بەڕێوە بەرێت ،بۆیە یاسا لە ئاستی دەسەڵاتی حیزبدا ڕۆڵی نامێنی و حیزب بڕیار بۆ یاساو ژیانی هاوڵاتیان دەدات. سەبارەت بە ژیان و ئازادی تاك، کەی تاك لە کۆمەڵگەی ئێمەدا بوونی هەیە؟ تاك لەم ولاتەدا بوون و ئازادی نییە، تەنها ئێمەی درۆزن هەین.کە هیچ مانایەکمان بۆ ژیانی تاك نەهێشتۆتەوە .

لە سەرتا سەری دونیادا هەرچی حیزب و دەسەڵات هەیە لە ڕۆژنامەنووسان دەترسن، لە ولاتی ئێمەدا ڕۆژنامەنووس دیلی دەسەڵاتە، زەندەقی لێی چووە، چونکە کاری ڕۆژنامەنووسی نرخی خۆی پێنەدراوە و سنووردار کراوە، ژیانی ڕۆژنامەنووس بەبێ حیزب ناڕواتە ڕێوە و گەلی ئێمەش کەلتووری ڕۆژنامە خوێندنەوەی نییە. ئەگەرچی ئەو هەموو ڕۆژنامانەی لە کوردستان چاپ دەکرێت لە زۆر شوێنی دونیادا کەم وێنەیە.چونکە ڕۆژنامەکان لە بەر نەبوونی ئازادی و هەواڵی سواوە بلاۆ دەکەنەوەو یان هەواڵەکان کە بلاۆ کراونەتەوە لە دەزگای ڕاگەیاندنی حیزبەکان جارێکی تر بە گوێرەی بیرو بۆچونی خۆیان لێکی دەدەنەوەو بە هاوڵاتیانی دەفرۆشنەوە، بۆیە ڕۆژنامە ڕەواجی نییە کاری ڕۆژنامەنووس ئەوەیە هەواڵی تازە و نهێنیەکانی پشت پەردە ئاشکرا بکات و جمجوڵ ونهێنی دەوڵەت و کەسایەتیەکانی پیشانی خەڵکی بدات، شەفافیەتێك بدات بە سیستەمی دەسەڵات و ژیانی خەڵك .

لە بەندی پێنجەم و لە خاڵی چوارەم و پینجەمدا باس لە مەرج و بەپرسیاریەتی سەرنووسەر دەکات ، دەڵێت(( دەبێت نیشتەجێی هەرێم بێت و نابێت سەر نووسەر سزا درابێت لە سەر تاوانێك یان کەتنێکی ئابروو بەر)) دەبووایە بەباشی ئەم خاڵەیان ڕوون بکردایەتەوە ئایا مەبەست لە کەتنی ئابروو بەر تەنیا لایەنی ئەخلاقی دەگرێتەوە یان لایەنی سیاسی و خیانەت بە نەتەوەش دەگرێتەوە ؟

لە بەندی یازدەهەمدا کە سەرنج ڕاکێشترین بەندە بە شێوەیەکی یاسایی خەتی سوور دادەنێت و بقەکان دەست نیشان دەکات، ڕۆژنامەنووس بۆی نییە دەست بۆ شتە پیرۆزەکانی کۆمەڵگە بەرێت و هەوڵبدات دەرگاییەك بۆ ڕەخنەو گۆڕانکاری بدۆزێتەوە،یان شتە قیزەوەنەکانی ناو کۆمەڵگە کەسەدان ساڵە چۆکیان بە سەر سینگمان داداوە بیانگۆڕێت. شەهید عەبدوخالق مەعروفیش هەر لە ئەنجامی یاسایەکی ئاوادا بوو بە قوربانی و گیانی خۆی لەسەر دانا.

دونیا بەرەو گۆڕان دەچێت،ئەو ئاکارو دابو نەریەتە کۆمەڵایەتیانە ئەگەر بۆ سەردەمێك گونجاو بوون، بەلاَم گۆرانکارییەکانی سەردەمدا ناتەبایە. مەگەر هەر ئەو دابو نەریەتە سواوانە نین کە رۆژانە رێگە بۆ تاوانی جۆراو جۆر خۆش دەکەن و قوربانییەکانی ئەو تاوانانەش هەتا دێت روو لە هەڵکشانە؟!

ئەگەر نەتوانین ناوی کەسانی گەندەڵ بەرین، ئەی چۆن باس لە گەندەڵیی و گەندەڵکاران بکەین؟ ئەگەر نەتوانین هۆکارەکانی تاوان و تاوانباران دەستنیشان بکەین و ناوی ئەوانە نەبەین کە یاری بە چارەنووسی تاکەکانی نێو کۆمەڵگە دەکەن، ئەی چۆن بەرگری لە قوربانیەکانی تاوانەکان بکەین؟

لە خاڵی دووی هەمان بەندا باس لە دانیشتنە نهێنیەکانی پەیوەست بە ئاسایشی هەرێم دەکات کە رۆژنامەنووس بۆی نییە بیدرکێنیٚ.ئەگەر ئەندامێکی دەزگای ئاسایش و هەواڵگری ئەو نهێنییە نەباتە دەرەوە، رۆژنامەنووسی سیاچارەی ئەم ولاَتە، لە کویٚ ئەو نهێنییەی دەست دەکەویٚت تا بیدرکێنیٚ؟ ئەز راموایە ئاسایشی هەرێم بەندە بە ئاسایشی هاوولاَتیانەوە، بۆ دەبیٚ دیوارێك دروست بکەین لە نێوانی دەسەلاَت و هاوولاَتیدا؟ بۆ دەبیٚ هاوولاَتیان ئاگاداری هیچ نەبن و لەخەوی غەفلەتدا بژین.

.

کاتێك پرۆژەی یاسای رێکخستنی کاری رۆژنامەنووسی لە هەریمی کوردستاندا باس لەمافەکانی رۆژنامەنووس دەکات، بەڕیزێك نابێت دەست پێدەکات و (ئەبێت) یکی تیادا نییە.هەر لە مافەکانی رۆژنامەنووسدا جارێکی تر لە خاڵی دووهەمدا لە جیاتی داکۆکی کردن لە مافەکانیان چاویان لیٚ سوور دەکاتەوەو بە زەقی بەمجۆرە هەرەشەیان لێدەکات ((نابێت ئەو راو بۆ چوونە یا ئەو زانیارییانەی کە رۆژنامەنووس بلاَویان دەکاتەوە ببێتە هۆکار بۆ بەگژدا چوونی)).واتە رۆژنامەنووس بەردەوام مەترسی ئەوەی لەسەر بێت کە بە گژیدا بچنەوە.

36 رۆژ پشوو لە ساڵێکدا مافێکی تایبەتی هەموو کارمەندێکە و باشە لە پرۆژەیەدا رەچاو کراوە، بەلاَم ئەی مافی تایبەتی ژنانی رۆژنامەنووس بۆچی وەك بەردی بن گۆمێکی لێڵ نادیارەو ئاورێك لەساتەکانی پڕ لە ژانی دووگیانیی ژنانی رۆژنامەنووس ناداتەوە؟ ئەو کەموکوڕییە ئەوە دەردەخات کە پرۆژەکە دەسنووسی پیاوەو یاساکە پیاو دایناوە، دەبوا ئاماژەیان بە ژیانی ئەوانیش بکردایە چونکە ئەمڕۆ لەکوردستان رێژەیەکی بەرچاو رۆژنامەنووسی ژن هەن.

لە زۆربەی ولاَتانی پێشکەوتووی دونیادا هەموو جۆرە ئاسانکارییەك بۆ رۆژنامەنووسان دەستەبەرکراوەو بە چاوی رێزەوە سەیریان دەکەن، بۆ نموونە بە رێژەی لە سەدا پەنجا نرخی بلیتەکانی فرۆکەو هاتوو چۆیان بۆ دادەشکێنریٚت، کەچی لەم پرۆژەیەدا موچەیەکی تایبەت بە رۆژنامەنووسان بۆ دابینکردنی ژیانیان دەستنیشان نەکراوە هەتا ناچار نەبن لە شوێنێکی تردا کار بکەن و سەربەخۆیی خۆیان بپارێزن.

هیوادارم دانەرانی ئەم پرۆژەیە بە خاڵەکانیدا بچنەوەو بە یاسای نارەوا، رۆژنامەنووسان کەلەبچە نەکەن تا ئەوانیش بتوانن بە ئاسوودەیی خزمەتی فەرهەنگ و پێکهاتەی کۆمەڵگەی کوردی بکەن.

بێگومان زۆرینەی یاساکانی ئەو پرۆژەیە لە بەرژەوەندی رۆژنامەنووسان و تاکەکانی کۆمەڵگەدا نییە وتەنها لە بەرژەوەندی کەسانێکە کە دەیانەویٚ تاوانباران لە پشت پەردەدا بمێنێتەوە رۆژنامە نووسانیش لەم تاوانەدا بکەن بە شەریکی دزو رەفیقی قافلە!!!